کەمال عەلی

# پێداچوونەوەیەک بە ووتارەکەی د.جەمشید حەیدەری دا

١.٢٦ی کوردە، /١٩٨٩ زاینی
ستۆکهۆلم

## کەمال عەلی

# پێداچوونەوەیەک بە ووتارەکەی د.جەمشید حەیدەریدا

هەواڵنامەی کتێب

٢٦٠١ی کوردی /١٩٨٩ زاینی
ستۆکهۆلم

هەواڵنامەی کتێب

# پێداچوونەوەیەک بەووتارەکەی
# د. جەمشید حەیدەری‌دا

دەست پێکردنی شەڕی ئێران‌وعێراق لە ساڵی ۱۹۸۰ ، وهاتنی جونتای فاشی لە تورکیا بۆ سەر کار هەرلەوساڵەدا لەلایەک ، وناکۆکی وبەیەکدادانی چەکدارانەی هێزەکانی کوردستانی ئەو سێ وولاتە لەلایەکی دیکە باروودۆخێکی یەکجار نالەبارو ئاڵۆزی بۆ کۆمەڵگەی کورد خوڵقاندووە.

ئەگەر بەر لە ساڵەکانی ۱۹۸۰ بەدەگمەن و تاکەتاکە کوردی پەنابەر لە وولاتانی ئەورووپا دەبینران ، ئەوا پاش ئەوە بە دەیان هەزار و بگرە بەلێشاو کورد پەریدە وئاوارەی گەلێک لەوولاتانی جیهان بوون . شایانی باسە کەلەنێو ئەو کوردە ئاوارانەدا ژمارەیەکی کەمی نەبێت کەدێهاتی و نەخوێندەوارو کاسبکارن . ئێدی سەرپاکی ئەوی دیکەیان باژێرنشینی خوێندکارو رۆشنبیری سەربەدەستەی هوردەبورژوای کۆمەڵگەی کوردەوارین.

بێگومان ئەم پەنابەرە کوردە بەژمارە زۆرەی کەلە دەرەوەی وولاتن هەمووکێشەو گیروگرفتێکی سیاسی و فیکری وتارادەیەکیش جڤاکی و ئابووری یان لەگەڵ خودا هێنانەوەتە دەرێ کە لەکوردوستان بەهۆی سیاسەتی شۆڤێنیستانە و داگیرکەرانەی رژێمەکان ، ولەو لاشەوە لەبەر ناکۆکی، و لەهەمان کاتدا گوشاری بزووتنەوەی چەکدارانەی کورد ئەو هەلومەرجە لەبارەیان بەدەستەوە نەبووە کەئازادانە بیروڕای خۆیان دەربڕن و هاوبەشی‌یەکی ڕاستەقینە لەچێ‌کردنی ئەو باروودۆخەدا بکەن ، کە بە پێچەوانەوە دەبینین لەدەرەوە نەک بەتەنێ ئەو دەرفەتە بەدەستەوەیە ، بەڵکو زیندەڕۆیی‌یەکی بێ ئەندازەش دەکرێ ، ولەئەنجامدا گشت ئەوئازادی‌یە بۆتە هۆکارێک کە نەخزمەتی تەواوی کولتووری نەتەوەکەمانی پێ دەکرێت ، ونەرۆڵێکی پێویستیش دەلیزرێ بۆ کردنی مەسەلە رەواکەمان بەمەسەلەیەکی نێو نەتەوەیی .

ئەوەتا بەئاشکرا دەبینین ، لەبریتی ئە وە ی ئەو توانا زۆرەی کە هەیە کۆبکرێتەوە ورێک بخرێ وکەڵک لەم هارودۆخە گونجاوەی بەدەستەوەیە وەربگیرێ وخزمەتێکی کولتووری پێ بکرێ ، کەچی لەگەڵ داخێکی زۆردا ململانێ و گەلەکۆمەکێ و شەڕەزرتانێ و هالۆرە لێدان بۆتە کردەوەو هاوی زۆربەی شلکە رۆشنبیرانی کورد ، کەگومان لەوەدانییە نەیارانی کوردو بزووتنەوەی کوردایەتی دەستێکی باڵایان لەم مەسەلەیەدا هەیە .

من پێم وایە کەهیچ رۆشنبیرێکی دڵسۆز بەکورد، ئەدژ بووە وئەدژیشە لە وە ی کە لەئێستەو پاشەرۆژیشدا رەخنەلێگرتن و هەڵسەنگاندنێکی زانستانەی بابەتانە ی چاپەمەنییە کوردییەکان بکرێن ، نەخێر .بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبینین کۆمەڵێک کەسان کەسەر بەهێزێکی دژ بەکوردایەتین هاندەدرێن لەرێی پرۆپاگەنده و بڵاوکردنەوەی هەندێک نووسینی نێوباژێرانەوە راستی لەکورد بشێوێنن وکولتوورەکەی لەڕەسەنایەتی بخەن ، وبەرگێکی بەنێو «کۆمۆنیستانەی مۆدێرنانە»ی بەباڵادا ببڕن و وەک بیروباوەڕو پەروەردەکەی خۆیان ئیفلیجی بکەن . ئەوەتا هەر بۆ وێنە لەم چەند رۆژەی پێشوودا «شاگولێکی» د.جەمشید پاش پێش خواردنەوەو خۆمۆڕکردنەوەو داخ دەربڕین و تێپەڕبوونی نێو ساڵێک بەسەر شاکارەکەی مامۆستا جەمال نەبەزدا لە سوێد دەکەوێتە هاژێرەوە . هەڵبەتە ئەویە لای خۆیەوە گەلێک دڵیخۆشە ورەنگە پێشیوابێت کە لەسەر راستی کردووەتەوە ، و چۆتە پلەیەکی واشەوە کەوەلامی زانایەکی کوردی دابێتەوە !!!.

ئەمە لە کاتێکدا قەیدی نەدەکرد گەر سیفەتی زانستانەی وون نەکردبایە و بێ لایەنانە و بابەتانە لەبەرهەمەکەی مامۆستا جەمالی بکۆڵیبایەتەوە و مافی خۆی پێبدابایە ، نەک زارۆیانە وبەلجە ڕاکێشان بۆ گەلێک شتی بێسەروبەری وا کە لەپلەو رێزی خۆی کەم بکاتەوە .

ئەز لێرەدا وەک ئەندامێکی ئەکادێمیای کوردی تەنێ چەند تێبینییەکی سەرپێیی لەو ووتارەی د.جەمشید دەخەمە پێش چاوی



هەواڵنامەی کتێب

خوێنەرانی کورد کەپێوەندی‌یان بەکاری گشتی ئێمەوەیە لە ئەکادیمیای کوردی بۆ زانستو هونەردا ، و ئەو هەڵەو پەلانەش کە د.جەمشید بەراستکردنەوەی داناون جێ دێڵین بۆ خودی مامۆستا جەمال خۆی .

## زمان:

بەراستی جێی پێکەنینە کە د.جەمشید بەکۆڵێک ڕەخنەی زمانەوانی‌یەوە هاتۆتە مەیدان ، ودەیەوێ خۆی بکاتە هاوشانی مامۆستا جەمال . جێی خۆی بوو گەر کەسێکی زمانەوان بیری لەوە بکردبایەتەوە کە دەمەتەقێ و لێکۆڵینەوە لەزمانەوانیتی مامۆستا جەمال بکات . چونکە د.جەمشید خۆی بەکێکە لەو کەسانەی کەهێشتا لەزماندا کۆڵەوارەو پێویستی بەخۆپێشخستن هەیە (هەروەک خۆی بڕوای بە پێشکەوتن هەیە) . ئەمە لەلایەک ، لەلایەکی دیکە وە من پێم وایە گەر کەسێک بیەوێ ببێتە نووسەر دەبێت بەلای کەمەوە ویەر لەهەرشتێک زمانێک بەباشیو چڕ وپڕی بزانێت کەبەداخەوە ئەمە هێشتا لە د.جەمشیددا نابینرێ .

ئەم ووتارەی د.جەمشید پێویستی‌یەکی تەواوی بەگۆڕینی سەرتاپێی زمانەکەی هەیە ، چونکە هەڵەی زەق وزلی وای تێدادەبینرێ کەپێویستی نەدەکرد "ئەدیب ونووسەرێکی" وەک د.جەمشید بەسەریاندا تێپەڕبێت . جالەبەر ئەوەی کاری من نی‌یە کەسەرلەنوێ ووتارەکەی لەڕووی زمانەوانی‌یەوە بۆدابڕێژمەوە ،بۆیە تەنێ لێرەدا چەند ڕستەیەک لەنووسینەکەی وەک نموونە دێنمەوە ، ودەستکاری دەکەم .

* سەرەتا دەمەوێ ئەوە بێژم کە نێو لێنانی ووتارەکەی بەهەڵە دەستپێکردووە «ڕاستکردنەوە یان شێواندن» . چونکە ئامانجی نووسینەکەی مامۆستا جەمال ڕاستکردنەوە نەبووە ، بەڵکو لێکۆڵینەوەیەکی زانستانەیە لە «دژی ناسیۆنالی کورد وپارتی کۆمۆنیستی عێراق» ولەهەمان‌کاتدا نرخاندن و هەڵسەنگاندنێکی گۆڤاری کۆمۆنیستانەی «یەکێتی تێکۆشین» . لەبەرئەوە ئەو نێونانە لەگەڵ نێوەڕۆکی ووتارەکەی

د.جەمشیددا ناگونجێت ، بۆیە من پێم وایە راستتر وابوو ناوی بنابا «پێداچوونەوەیەک یاخود نرخاندنێکی کتێبەکەی دوکتۆر جەمال نەبەز» .

(١) «بەڵکو پێویستی بەلێکۆڵینەوەی زانستی‌یەکی قوڵی بابەتی هەیە ـ بڕوانە ل١». ئەمە هیچ جیاوازی‌یەکی لەگەڵ ئەوەدا نی‌یە گەر کابرایەکی ناکورد بێنی‌و فێری زمانەکەی بکەی و بەوچەشنە فێری نووسین بێت . بۆیە بەم جۆرە دەبێ بنووسرێت :«بەڵکو پێویستی بەلێکۆڵینەوەیەکی زانستانەی بابەتانە هەیە» . خۆ گەر د.جەمشید هەرپێشی خۆش بوو وشەی «قووڵی» لەگەڵدا بەکاربێنێ ، ئەوا چ‌گیروگرفت نی‌یە بەمەرجێک پێش وشەی زانستانەکەی بخات .

(٢) «دوکتۆر نەبەز لەبارەی ئەوەی کەلە میثاقی نیشتیمانی پارتی کۆمۆنیستی عیراقدا لەساڵی ١٩٤٥ کورد بە «کەمەنەتەوە» هاتووە «یەزیدی»ش بە کەمەنەتەوە لەقەڵەم دراوە دەنووسی ـ ل٦» .

دەبێت بەم چەشنە دابڕێژرێت :«سەبارەت بەوەی کە لەپەیماننامەی نیشتمانی ١٩٤٥ ی پارتی کۆمۆنیستی عێراقدا کورد و یەزیدی بەدوو کەمەنەتەوە لەقەڵەم دراون د.نەبەز دەنووسێت» .

(٣) «خۆ شۆڕش هیچی لەبەرژەوەندی چینایەتی د.نەبەز نەداوە؟ ـ ل١٣» .

دەبوو بنووسرێت :«خۆ شۆڕش هیچ زیانێکی لە بەرژەوەندی چینایەتی د.نەبەز نەداوە» .

(٤) «لەبارەی وازهێنانی هێندێ لەوەزیرەکانی نەتەوە پەرست وەک ـ ل١٤» .

بەم چەشنە راستە :«دەربارەی وازهێنانی هێندێ لەوەزیرە نەتەوە پەرستەکانی وەک...» .

(٥) ئەوەی ئاگاداری رووداوەکانی ئەوکاتبێ و بە رۆژنامەکاندابگەڕێتەوە دەزانێ کار چۆن بوە ـ ل١٧» .

بەم جۆرە بنووسرێت کوردی‌ترە :«ئەوی ئاگاداری رووداوەکانی ئەو سەردەمە بێ و چاو بە رۆژنامەکاندا بخشێنێ راستی رووداوەکانی بۆ دەردەکەوێ».

(٦) «بەلام سەرنەکەوتنی بەربەرەکانیەکە هۆی دەگەڕێتەوە سەر. ل١٩».

بەم‌چەشنە راستە :«بەلام هۆی سەرنەکەوتنی بەربەرەکانی‌یەکە دەگەڕێتەوە بۆ ...». "دە گە ڕێتە وە سە ر"

(٧) «هیچ یەک لەو ئیزگەیانە لەم دوو ولاتەی نێوبراون نەبوە – ل٢٣».

بە م جۆرە راستترە:« هیچ یە کێک لە و وێستگانە لە و دوو وولاتە ی نێویان براوە نە بوون».

ئەمە تەنێ مشتێک بوو لەخەروارێک هەڵەی زەق وزلی ووتارەکەی د.جەمشید .

## کاژیک و دەستەودایەرەی د.نەبەز :

سەرەتا حەز دەکەین بزانین پێناسە و پێوانەی بیروباوەڕی مرۆڤایەتی و پێشکەوتنخوازی لای د.جەمشیدو هاوفیکرەکانی کامانەن و چۆنی لێ حالی دەبن ؟

ئێمەی هاوبیرانی نەتەوەیی لەئەزمونی ئەوحەفتاوهێندە ساڵەی بەرەی کۆمۆنیزم و «قەلای توندوتۆڵی لەسەرکەرەوە»ی میللەتانی ژێردەستە بایی ئەوەندە تێگەیشتووین کە کورد بۆ گەیاندن و بەدەستهێنانی بچووکترین مافی رەوای هەموو هێزێکی بۆ گە یشتن بە دۆستایە تی ئەو بەرەیە بەکار هێناوە ، مێژووش گەواهی ئەوڕاستی‌یەمان بۆ دەدات کەپێش و پاش دروستبوونی دەوڵەتی سۆڤێت ، یەک لەدووای‌یەکی سەرکردە و سەردارانی بزووتنەوەی کورد چەندەها جار پەنایان بۆ سەرانی رووسیاوسۆڤێت بردووە (هەروەک چۆن زارۆیەکی شیرەخۆرەی برچی بۆ شیری دایکی دەناڵێنێ)

کەلایەکیان بەلادا بکاتەوە ، و یارمەتی‌یەکی «ئینتەرناسیۆنالانەیان» بدات .

بەڵام مەخابن نەک هەر وەڵامی هیچ نامەو ناڵەو نرکەیەکی ئەومیللەتە بن‌دەستە دارزاوەیان نەداوەتەوە ، بەڵکو لەسەر برین‌و قەلاچۆکردن‌و خاک و ماڵوێران کردنیشیدا کەڕو کاس‌و کوێر بوون . نەک هەر ئەوە تەنانەت چەک و پارەو جبەخانە و توانای راگەیاندنیشیان هەر لەزەمانی لینینەوە خستۆتە خزمەتی رژێمە چەوسێنەرو داگیرکەرەکانی کوردستان‌و بەوەشەوە نەوەستاون وبزووتنەوە ئازادیخوازەکانی کوردیشیان بەکۆنخوازو ئێکستریمیست(متطرف) لەقەڵەم داوە. (هومێدەوارم د.جەمشید ئەمەشمان لێ‌نەکات بەسەرچاوەی دەزگە جاسوسی‌یەکان . خۆی زمانی رووسی تێدەگات و دەتوانێت چاوێک بەو کتێبە «زانستانانە»ی وولاتی" پشت‌و پەنای هێز لێبڕاواندا" بخشێنێ) .

جاگەر بیری رەسەن وپێشکەوتنخوازی کەجەنابتان یەخەی بۆ دەدڕێنن و دەتانەوێ بەکوردی بفرۆشن و لەخشتەی بەرن و بەردەوام دایبدۆشن و بیرەتێنن ، ئەوا ئەو مەسەلەیە بۆ کورد ئاشکرا بووە ، خۆ گەر سووکە مەبەستێکی دیکەشتان بە دەستەوەیە ئەوا ئاشکراتر وەرنە مەیدان تاخەڵکی باشترتان بناسێ .

من پێم وایە کە د.جەمشید دڵنیایە لەوەی کەئەو تۆمەتە ناڕەوایانەی لەووتارەکەیدا باسی لێ کردوون لەراستی‌یەوە دوورن ، بەڵام چاریشی نەبووە ودەبوایا ئەم کارە هەر بەئەنجام بدات ، چونکە ئەو جۆرە بۆچوونانە یەکێکە لەخەسڵەتە هەمیشەیی‌یە تایبەتکارەکانی بەرەی کۆمۆنیزم بۆ دژایەتی کردنی هەموو بیرێک کەلەخۆیان نەبێت . جگەلەوە د.جەمشید و هاوفیکرانی هیچ کاتێک خۆیان بە وێنەی کوردپەروەرێک کەخۆی بەبێ دەوڵەت و بێ لەسەرکەرەوە دەزانێت تەماشا نەکردووە ، بەڵکو زێتر خۆیان بەنوێنەری زلهێزێک لەقەڵەم داوە کەبەردەوام پشتیان دەگرێ و لەسەریان دەکاتەوە (ئەمەش بەکردەوە لەهەڵسو کەوتی رۆژانەیاندا دەبینرێ) .

جاهەر ئەو بۆ چوون و هەڵوێستەیە کەوای لێ‌کردوون هەرچی واقیع‌و راست‌بینی‌یە وونی‌بکەن ، چونکە لەوان وایە کەتەنێ و تەنێ ئازادی‌ویەکسانی و لەسەرکردنەوەو بەزەیی پێداهاتنەوەو مرۆڤایەتی و ... لەوزل هێزەو بەرەی کۆمۆنیزمەوە داکەوتووە وگوایا هەرئەوانن خودی پرینسیپ‌و بێ غەلو غەش و پە یامبەری ئێستەو دووا رۆژن .

ئەز دەخوازم لێرەدا بەد.جەمشید و ئەوانەش کەوەک ئەو بیردەکەنەوە رابگەیێنم کە هەڵسەنگاندن و تێگەیشتن لە بیری ڕەسەنی کوردایەتی بەئێوەی ناسکە رۆشنبیری بەزۆر خۆهەڵواسیو وبەکولتوورێکی ئەورووپایی نامۆی دوور لەواقیعی کۆمەڵگەی کوردەواری ناکرێت . چونکە ئێوە لەو کولتوورە سەدو هێندە سالْ لەمەوبەرەی ئەورووپاتان هەرهێندە فێربوون کە «نەتەوە پەرستی ـ زاراوەیەکی تازەبابەتانەی- د.جەمشید» ە بڤەیە وناکۆکە لەگەلْ خەباتی چینایەتیداو دەبێت دژایەتی بکرێ . کەچی هەرخۆشتان دەچن مەسەلەی «ناسیۆنالیزمی میللەتی بن دەست» دێننە گۆڕێ و رەوایەتی لەچۆنێتی باسکردنیدا هەربەتەنێ دەدەنەخۆتان ، کەمن پێم وایە ئەلەو مەسەلەیە دەگەن وئەبڕواشتان پێ‌ی هەیە . (مەسەلەی ناسیۆنالیزم وخەباتی چینایەتی لای بەرەی کۆمۆنیزم دووشتی دژ بەیەکن) لەبەر ئەوە ئەمە وەک هەڵوێستێکی هەڵپەرستانە حسێبی بۆ دەکرێ و مەبەستیشتان تەنێ ختوکەدان‌و راکێشانی سەرنج و عەتفی هەندێک لە شلکە خوێندەواری کوردە بەلای خۆتاندا . خۆئەگەنا بیری ناسیۆنالیزم لای نەتەوەیەکی ژێردەستەی خاک داگیرکراوی لەهەموولاپەلامار دراوی وەک کورد دەبێت چ راست رەوێتی و کۆنخوازێتی تێدابێت ، لەکاتێکدا کە ئەوبیرە داوای ئازادی ویەکسانی بۆ خۆی و گشت میللەتانی بێ دەوڵەت و دەولەتداری ئەم جیهانە بکات .

لەمەش بترازێ حەز دەکەین بزانین بۆچی دەبێت هەڵگرانی بیری نەتەوەیی کۆنەپەرست و ناسیۆنالی تەنگە تیلکە و ڕەگەز پەرست بن گەرهەڵوێستی

درۆزنانەی ئینتەرناسیۆنالانەی بەرەی کۆمۆنیزم کەساڵەهای ساڵە بەرامبەر میللەتانی ژێردەستە وبەتایبەتی کورد سەوداو مامەڵەی پێدەکەن لێبکۆڵرێتەوە و بخرێتە روو . پاشان دەبێت مرۆڤ کەمێک بەویژدان بێت ، وهەمووپێشکەوتن و ڕەووشتو راستگۆیی یەک بەتەرازووی مەتێریالیستانەی ئەورووپایی نەپێویٚ ، وگشت بیروڕاو بۆچوون و تەنانەت ئاینێکی یەزدانیش بەسووکو هەڵەو هەرزان تەماشا نەکات ونەفرۆشێ .

جانەورۆش و لەداهاتووشدا ئێمە هیچ لامان نامۆنییە کەد.جەمشید و هاوفیکرانی بەناڕەوا هێرش بەرنەسەر قوتابخانەی بیری نەتەوەیی و دوژمنایەتی بکەن ، چونکە مێژووی هێرش بردنە سەر ناسیۆنالیزمی کورد دەگەڕێتەوە بۆ بەر لەشەڕی جیهانیی دووەم ، وبەتایبەتی ئەم دژایەتی کردنە زێتر لەپەنجاکاندا خەستتر بوو کاتێک کەکۆمۆنیستەکانی عێراق بەهاوکاری کردن لەگەڵ هوردە بورژوای مارکسیستی کورددا بیری رەسەنی کوردایەتی یان بە "پیلاتی سەر بەئیمپریالیزم وکۆنەپەرستی" دەدایە قەڵەم و جەماوەری کوردیشیان بەوپرۆپالانتە دوژمنکارانەیە پەروەردە دەکرد .

ئەوجا گەر کاژێک زیاد لەچارەکە چەرخێک مەتێریالیزمی مارکسیانەی شیکردبێتەوە وهەڵەو کەموو کوڕییەکانی بەردەست خستبێ ، ئەوا تازە بەتازە ئەوڕۆ لەوولاتی شوورەوی خۆیدا هەوڵی گۆڕانێکی بنەڕەتی کۆمەڵگەکەیان دەدەن ، چونکە بە درێژایی گشت ئەوساڵانە لەسەر بنەمایەکی ساختە بەڕێوە چووە ، وکۆمەڵگەکەی بەرەو گەلێک هەڵدێرو چەواشەکردن بردووە . ئەوجا کەلەوولاتێکی ئەورووپایی وەک شوورەوی خۆیدا کەحەفتا ساڵە لەسەر تیۆری مارکسیانە بەڕێوە دەچێت حاڵی ئەمە بێت ، ئێدی لەکۆمەڵگەیەکی دوواکەوتووی ژێردەستەی کوردەواریدا د.جەمشید و هاوڕێیانی چۆن و چ کاتێک بەنیازن ئەوکولتوورەی بەسەردا ساغ بکەنەوە .؟

پاشان زۆرمان لاسەیرە کەبەرەی کۆمۆنیزم ئەو مافە بەخۆی رەوادەبینێ

کەهێرش بەرێتە سەر ئەوبیرانەی لەخۆیان نین ، ئەمە لەکاتێکدا هەروەک ووتمان کەلەوولاتانی کۆمۆنیزمدا بیرەکەی خۆیان جارێ ساغ نەکردۆتەوە . دەبا وەک خۆیان ، ولێرەدا پتر مەبەستم لە د.جەمشید و هاورێکانێتی ئەو مافە بە هاوبیرانی نەتەوەیی ڕەوابببینێن کەلەسەرخۆیکەنەوە . لەمەش بترازێ گەر بەهەموو پێوانەیەک لێک بدرێتەوە ، وبیری کۆمۆنیزم وبیری نە تە وە یی بخرێنە دووتای تەرازووەوە ، ئەوا گەر بوختان بەخۆمان وخەڵکی نەکەین ئەو ڕاستییەمان بۆدەردەکەوێ کەبیری کۆمۆنیزم جگە لەزیان هیچ سوود وپێشکەوتنێکی بۆ کۆمەڵگەی کوردەواری بەئەنجام نەداوە .چونکە بەهەموو پێوانە و تیۆرییەکی مارکسییانەی لینینیستانە دەبوو لەمێژبێت کورد دەوڵەتێکی یەکگرتووی ئازادو سەربەخۆی هەبێت !!!

جا گەر بیری نەتەوەیی هێندە "بقەو دژ بەکورد" بێت ، پێمان ناڵێن کەبۆچی خۆتان و ئەو حیزبو گروپە سیاسییە کوردانەی مەیدان و زۆربەی هەرە زۆری نووسەرانیش کاتێک کەزرووفتان بۆ لەبار دەبێت بەچاپەمەنییەکانی کاژێکدا دەچنەوەو لێ ی، دەدزنو نووسینەکانتانی پێ بەرهەم دێنن و بێ ئەوەی دەست بۆسەرچاوەکەشی ڕابکێشن دەیکەنە موڵکی خۆتان . (لەخوارووی کوردوستاندا لەساڵەکانی بزووتنەوەی چەکداریدا حیزبە کوردییەکان دەچوون درۆشمەکانی پاسۆکیان دەکردە هی خۆیانو بەوجۆرە سەرنج وعەتفی کوردیان بەلای خۆدا ڕادەکێشا) .

قوتابخانە ی نە تە وە یی کەهەڵگری بیری ڕەسەنی نەتەوەی کوردو لەسەرکەرەوەی ڕاستەقینەیەتی، زۆر لە مێژە کەوتۆتە بەر شاڵاوی کۆلکە مارکسی کورد و ناکوردو کۆمۆنیست و داگیرکەرانی کوردوستان و ئانەورۆش ئەو هێرش بردنو دوژمنایەتی کردنە هەر بەردەوامە . هەڵبەتە ئەوانەی کەنێومان هێنان مەترسییەکی گەورە لەو بیرە ڕەسەنەدا دەبینن ، چونکە بیری نەتەوەیی دەیەوێ بەرژەوەندی دژبەکوردی ئەودەستەوتاقمو ڕژێمانە بخاتە ڕوو ، ولەهەمان کاتدا لەڕەگەوە کولتووری ناکوردانەی مە

تریالیستانە لەکوردوستان هەڵتەکێنێ و جەماوەری کورد بکاتە دەمڕاستو بەرپرسیاری چارەنووسی خۆی .

لێرەدا دەمەوێ ئەوەش بەیاد بێنمەوە کە د.جەمشید و هاوڕێیانی تادوێنێ بوو گەلێک نێوو ناتۆرەی زارۆکانە یان لە پاسۆک دە ناو پە لاماریان دە دا و (هەمان گاڵتەبازی یەکێتی یان ڕۆژانە دەگووتەوە : مەنجەڵە یاپراخو کۆنەکاژیکی نەتەوە پەرست و ...) ، ئەوڕۆش هەر ئەو پاسۆکەی دوێنێ دەکەنە هێزێکی گەورە وپێشکەوتووخوازی شۆڕشگێڕ ، چونکە شان بەشانی کۆمۆنیستەکان کار دەکات !!! هەمان ناسنامەی پێشکەوتنخوازانەیان دایەوە بەیەکێتی نیشتمانی ، بێگومان ئەمە پاش ئەوەی کەلەساڵی ١٩٨٣ و بەدوواوە میللەتانی دونیایان بەوە تێگەیاند کەیەکێتی نیشتمانی بزووتنەوەیەکی چەکدارانە لەکوردستان بەڕێوە دەبات دژ بەهێزی کۆمۆنیزمە و لەگەڵ بەعسی‌یەکانی عێراقدا دەستیان تێکەڵ کردووە بۆتیرۆرو قەلاچۆکردنی کۆمۆنیستەکان .ئە ز کە ئەمە دەبێژم وەنەبێت لەسەر یەکێتی بکەمەوە ، نەخێر . بەڵکو دەمەوێ ئەوراستی‌یە بێژم کەگەلانی جیهان یەکێتی و پارتی‌و فلانو فیسار ناناسن ، بەڵکو ئەوان بزووتنەوەیەکی چەکدارانەو میللەتی کورد دەناسن کەبەتیرۆریست لەقەڵەم بدرێن . هەمان مەسەلە سەبارەت بەکوشتنی ئولف پالمێ و پ.ک.ک. ئەوڕۆ لەسوێد وجیهاندا دەبینین .تەنانەت د.جەمشید کەپێوەندیشی لەگەڵ پ.ک.ک. دانی‌یە لەگەڵ ئەوەشدا یەکێک بوو لەو کەسانەی کەلێکۆڵینەوەیەکی لەلایەن پۆلیسی نهێنی‌سویدەوە لەگەڵدا کرا .

جامن پێم وانی‌یە کەپێوانەی پێشکەوتنخوازی‌و چەپڕەوایەتی حیزبێک ، دەستەیەک ، گرووپێکی سیاسی لەرێی گەواهی ناسنامەی کۆمۆنیستەکانەوە بپێورێ . لەبەر ئەوە ئەم جۆرە خۆسەپاندنو بۆ چوونانە وەک بیرێکی دۆگمای ووشک هەلاتوو حسێبی بۆ دەکرێت . جا د.جەمشید کە هێندە بەتەنگ هاوشانی و هاوخەباتی بزووتنەوەی کوردایەتی

وکۆمۆنیستەکانەوەیە باجارێکیش بەڵگەیەکی بەرەی کۆمۆنیزم بەدەستەوە بدات کەڵەگەڵ خەباتی بزووتنەوەی کوردایەتیدا هاوئاهەنگ بووبێت .
مەبەستم ئەوەیە با د.جەمشید لوتف بفەرموێ و تەنێ دۆکومێنتێکی رەسمی دەوڵەتی سۆڤییەتمان بخاتە بەردەست کەرۆژێک لەرۆژان داوای دەوڵەتێکی ناسیۆنالی یەکگرتووی بۆ کوردی ژێردەستە کردبێت کە ئەمە یەکێکە لەومافە سەرەتاییانەی لەکتێبە دەق نەشکاوەکانی خۆیاندا بەگەلانی ژێردەستەی رەوادەبینن .
جا بەنیسبەت ئێوە وە شتێکی سەیرو سەمەرە نییە کەهەر رۆژە بەرگێک بەبالای گروپێکی سیاسیدابپڕن ، ولە پەسن‌کردن و تۆمەت خستنە پاڵیشدا هەردەستێکی بالاتان ببێت . بەتایبەتی دژبەبیری نەتەوەیی کە لە فەرهەنگی ئێوەدا «کۆنەخوازانە»یە . تەنانەت ئەوەش ناوی دەروونتان نادات.
ئەوەتا خەبات عارف ئیرونیک کەخۆی لێ کردووینە لۆرکای ئیسپانی و گۆرانی کورد ، ولوتکەی شەرەفمەندێتی خۆی بەوەپیشان دەدات کەبیری پیرۆزی نەتەوەیی بە «دوواکەوتووترین بیر» لێک بداتەوە. بێگومان لە وە زیتر . چاوەروانی لە کەسێک ناکرێت کەتەمەنێکی ژیانی بەخزمەتی بیروکولتووری بیانی بەسەر بردبێت ، هەرلەبەر ئەوەشە کە ئەو جۆرە کەسانە شایانی ئەوە نین لەبواری ئەدەبو زماندا خزمەت بەکورد بکەن .
ئەوجا حەز دەکەین بزانین شلکە رۆشنبیرێکی وەک خەبات عارف کە بە بیروڕایەکی مارکسیانەی ترۆتسکییانەوە هاتۆتە مەیدان بەچ چەشنێک دەیەوێ لەسەرکولتووری رەسەنی کورد بکاتەوە ، وبەخەیاڵی ترۆتسکییانە چارەنووسی کورد بەرەوکوێ ببات ؟ . لە نامە یە کدا کە بۆ د.کەمال میراودەلی ناردووە هێرشێکی راستو رەپی کردۆتە سەر نێوبراوو گوایا لەبەر ئەوەی شێوەی بیرکردنەوەو بۆ چوونیان جیاوازە، ناتوانێت پێکەوە لەگروپێک‌دا کاربکات لە گە لێ . ئەوجا هەر کەبیری دروستکردنی «رێکخراوێکی نووسەرانی کورد» لەبەریتانیا وسوێد هاتە گۆڕێ، خۆی

یەکێک بوو لەو کەسانەی کەسەرەتا پێشوازی لێ کرد .

جا خەبات عارفێکی گزشەکراوی خزشەکراو بەپەروەردەیەکی ترۆتسکی‌یانە پێمان نابێژێ کە چۆن جارێکی دیکە دەهێنێتەوە هاوکاروخەباتی ئەو بیرورا جیاوازانەی نێودەستەی نووسەران؟ دەبێت مرۆڤ کەمێک شەرم بکات و بەلایەنی کەمەوە بەرچاوی خۆی ببینێ و بزانێ چۆن هەڵسوو کەوت دەکات .

هەروەها دەبێت کۆمۆنیستانی کورد بەهەموو لق و پۆپ و دەستەو تاقم وبیر و بۆچوونەکانی‌یانەوە ئەوە باش بزانن کەهەڵگرانی بیری نەتەوەیی رەوایەتی لەسەرخۆکردنەوە بەکارێکی پیرۆزو پێویست دەزانن ، لەبەرئەوە چ لە ئێستەو چ لە داهاتوودا بەردەوام دەبێ بۆشیکردنەوە و خستنە رووی هەموو بیرێکی قرچۆکی نارەسەن کەساڵەهای ساڵە بەبوختان و درۆ هۆنینەوە تەراتێن لەنێو خاکی کوردو کۆمەڵگەی رەش‌و رووتی کوردەواریدا دەکە ن . ئێمە ئەم ئەرکە پیرۆزە بۆ کوردو مێژوو بەجێ دێنین.

د.جەمشید لەهێرش بردن و تومەت نانە پاڵ مامۆستا جەمال نەبۆتەوە ، چووە بەخەیاڵێکی دیکەوە مەست بووە ، وبیری نەتەوەیی کەرت کەرت دەکات و بەسەر چەند "دەستە ودابیرە"یەکدا دابەشی دەکات ، کەیەک لەوانە «دەستەودابیرەی د.جەمال نەبەزە» !!!

ئەز پێم وایە بەر لەوەی د.جەمشید باس لە دەستەو دایرەو کەرت کەرت بوونی بیرێکی دیکە بکات ، باسەرەتا لەکەرت بوونی بیری "پێشکەوتنخوازانەی" مارکسیستانەوە دەست پێ بکات ، چونکە ئەو کە خۆی لەسەر ئەوبیرە حسێب دەکات ، دەبێت چارەیەک بۆ ئەو لەیەک داپچڕان‌و پارچە بوونەش ببینێتەوە ، و«کەرت کەرت بوونی بیری نەتەوەیی» نەکاتە «گیروگرفت» بۆ خۆی و ئەو مەسەلەیە بۆ خودی بیروباوەرەکە جێ بێڵێ .

پاشان حەزمان دەکرد کە د.جەمشید بۆ خوێنەرانی کوردی روون

بکردایەتەوە ، لەچ کاتێکەوە نوێنەرایەتی پارتی کۆمۆنیستی عێراق (پ.ک.ع)ی بەخۆی رەوا بینیوە وا بەوکوڵو سۆزەوە بۆیان دەلاوێنتەوە ؟ هەڵبەتە ئەز ئەم پرسیارەی هەروا لەخۆڕایی لێ‌ناکەم . جگەلەوەی کەبەڵگەم بەدەستەوەیە ، لەگەڵ ئەوەشدا د.جەمشید خۆی بەدەیان جار بەبۆنەو بێ بۆنە بێ‌تەرەفی خۆی باسکردووە . جالێرەدا هەربۆ سەلماندنی ئەوقسانەم چەند نموونەیەک باس دەکەم : ساڵی ١٩٦٧ ـ ١٩٦٨ کە (پ.ک.ع) بوو بەدووکەرتی گەورەوە د.جەمشید خۆی دوورخستەوە (هەرچەندە وەک بەرگوێ دەکەوێ کەئەو لەگەڵ سەرکردایەتی نێوەندیدا کاری دەکرد) ، وهەر لەوساڵانەدا کەلە سۆڤیێت دەیخوێند زەماڵەکەیان لێ سەندەوەو گەڕایەوە عێراق . ساڵی ١٩٧٠ زەماڵەیەکی لەلایەن شۆڕشی کوردەوە درایێ و گەڕایەوە بۆسۆڤیێت ، بەڵام کۆمۆنیستەکانی عێراق ئەمەیان زۆر پێ‌ناخۆش بوو. لەماوەی ئەو ١٢ ساڵەدا کەلە سۆڤیێت بوو لەهیچ رێکخراوێکی خوێندکارانەی سەر بەکۆمۆنیستەکان‌و پارتی‌یە کوردی‌یەکانیشدا کاری نەکردووە.

ساڵی ١٩٨٥ لە سمینارێکی (پ.ک.ع) دا کەلە ستۆکهۆلم گیرا . د.جەمشید لەوێدا بەبەشدارانی سیمیناەرەکەی راگەیاند کەئەو هیچ پێوەندی‌یەکی بە (پ.ک.ع)ەوە نی‌یە وتەنێ لەسەر خەباتی شەهید جەمال حەیدەری برای دەدوێ .

ساڵی ١٩٨٦ د.جەمشید نامیلکەیەکی سەبارەت بە شەهید جەمال حەیدەری ئامادە کردبوو (بریتی‌بوو لە کۆکردنەوەی ئەو ووتارانەی کە شەهید جەمال نووسیبوونی) کە (پ.ک.ع) بۆی چاپ وبڵاوبکاتەوە . بەڵام هەربەوشێوەیەی ناردبووی بۆیان گەڕاندبوووەوە ، ئەمەش بووە هۆیەک کەلە کۆمۆنیستەکان زویر بێت و تەنانەت نارەزایی لەو بارەوە لای کاک عەزیز مەحەمەد دەربڕیبوو . دوواجار ناچار بوو کەنامیلکەکە بکاتە ووتارێک و لەرۆژنامەی «ئارمانج» دا بڵاوی بکاتەوە .

جا ئەمە تەنێ چەند نموونەیەکن و ئەوەمان پێ دەبێژێ کە د.جەمشید هیچ پێوەندی‌یەکی هاوکارانە و هاوفیکرانەشی لەگەڵ (پ.ک.ع) دا نەبووە . لەبەر ئەوە حەز دەکەین کەسەرەتا د.جەمشید بۆمان روون بکاتەوە کەخۆی سەر بەچ دەستەو دابیرەو گروپێکی سیاسی‌یە ، چونکە تەنێ لەو دۆخەدا مافی پێ دەدرێت کەخۆی وەک لەسەرکەرەوەی بیرێک یان لایەنێکی سیاسی پێشان بدات . خۆگەر نووسینی ئەو ووتارەی بەکارێکی پێویست و پێشاندانی هەڵوێستێک دەزانێ ، ئەوا ئێمە هیچ کاتێک «بەرگری کردنی د.جەمشید لەسیاسەتی سۆڤییێت و خۆپیشاندان‌و پاراستنی باڵوێزخانەی ئەمریکا لەستۆکهۆڵم (دە ستە ودابیرە ی بالوێزخانە ی بە عسی یە کان لە ستوکهۆلم خۆپێشاندانیێکیان دژ بە بالۆیزخانە ی ئە مریکا چێ کردبوو. بە وبۆنە یە وە ژمارە یە ک لە کورد بۆ بە رگری کردنی بالۆیزخانە ی ئە مریکا کە ئە ودە مە لە سە ر بە کارهێنانی چە کی کیمیایی دژ بە کورد بە دە نگ هاتبوو کۆببوونە وە و د.جەمشید یە کێک بوو لە وان) و دژایەتی کردنی کورد پەروەران وبیری راست و نوێنەرایەتی کردن بۆ (پ.ک.ع) ولەسەر کردنەوەی تاوانەکانیان بەرامبەر مەسەلەی کورد» بەهەڵوێست نازانین .

ئەوجا دەمانەوێ بزانین مەبەستی د.جەمشید لە «دەستە ودابیرەی د.جەمال نەبەز» کێ‌یە و ئاشکراتر بۆ خوێنەری کوردی روون بکاتەوە ؟ گەر مەبەستی ئەکادیمیای کوردی بۆ زانست و هونەربێت ، ئەوا بێگومان بەهەڵە دا چووە .چونکە د.جەمشید یەکێک بوو لەو کەسانەی کە لە سەرەتادا رەشنووسی کارنامەو نەرێتنامەی ئەکادیمیای خوێندبووە وە . جا نەک هەردەشیزانی کەمامۆستا جەمال دەست‌پێشکەرو یەکێک لە دامەزرێنە رانی بوو ، بەڵکو لە ستۆکهۆڵم لەگەڵیشیدا دانیشت ، وبێ هیچ گووشار خستنە سەریش بەو نیازە هاتبووە پێشەوە کەببێتە یەکێک لە «دەستەودابیرەی دوکتۆر نەبەز» . جگە لەوە گەر مامۆستا جەمال

پێویستبایە «دەستەودایبیرەیەکی سەربەکاژێک» دابمەزرێنی هەڵبەتە لەگەڵ د.جەمشید و دەیانی وەک ئەودا دانیشتنی نەدەکرد ، چونکە دەیزانی سەر بە چ بەرەو بیروباوەڕێکن . لەبەر ئەوە دەمەوێ د.جەمشید وهاوفیکرەکانی دڵنیا بکەم کە ئەکادیمیای کوردی بۆ زانستو هونەر بریتی نی‌یەلە چەند کەسێک کە «لەقامکی دەستان تێپەڕ» نەکەن ورێکخراوێکی کاژێکانەش نی‌یە ، بەڵکو دەزگەیەکی زانستانەی هونەرانەی کوردی و لەهەمان کاتدا ئینتەرناسیۆنالانەیە کە دەیەوێ زانست و هونەر بخرێنە خزمەتی بیری ئازادی و یەکسانی مرۆڤەوە . ئەوجا هەر بۆ دڵنیایی د.جەمشید و هاورێیانی حەز دەکەم ئەوەش بێژم کەئەکادیمیا بەتەنێ لەلایەن هەڵگرانی بیری نەتەوەیی‌یەوە بەڕێوە ناچێت ، بەڵکو کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیرو زانای بیرورا جیاوازی تێدایە کە ژمارەیەکیان کۆمۆنیست و کوردزانی وڵاتی سۆڤێتن . بۆیە زۆر پێویستە کە د.جەمشید وریا بێت و گوڵەگەنم و مرۆز لەیەکدی جیابکاتەوە . پاشان گەر مامۆستا جەمال بەقەولی خۆتان دەیبێژن «دەستەو دایبیرە» یەکیش پێکەوە بنێت کە لە خزمەتی بیری ئازادی و یەکسانی مرۆڤ دابێت ، وخزمەت بەنەتەوە ژێر دەستەکەی بکات، بۆچی دەبێت ئێوە هێندە دڵ پڕ لە داخ بن و دووژمنایەتی بکەن ؟. بەڵام ئێمە کە لە ئەکادیمیای کوردی بۆ زانستو هونەردا ئەندامین شانازی بەو «دەستەو دایبیرە»یەی مامۆستا جەمال نەبەزەوە دەکەین ، چونکە لەمامۆستا جەمالدا نەبەردیتی و نەبەزێتی و هەق پەرستی ورەسەنیتی و دڵسۆزێتی و مەردیتی و کۆڵنەدانی و نەگۆڕی تێدا بەدی دەکەین . چونکە ئەوی لەنێزیکەوە مامۆستا جەمال بناسێت ئەوسیفەتانەی تێدا دەبینی و شارەزای ئەوە دەبێت لی‌ی کەچەند دوژمنێکی سەرسەختی ناهەقێتی و درۆزنی و بێ بیروباوەڕی و ریفۆرمیستی و هەڵپەرستێتی و زۆرداری‌یە . جگە لەوە ئێمە سەروەرێتی لەمامۆستا جەمالدا دەبینین کەزانایەکی هەڵکەوتووی کەم وێنەیە لەکوردوستان و ڕۆژهەلاتی نێوەراستدا کەخاوە نی دەورویەری سەد

شاکاری زانستانەی بابەتانەی هەمەچەشنەیە ، و لەسەرکەرەوەیەکی راستەقینەی بەرەی بەشخوراوانی وولاتانی چارەمیشە . جگە لەوە دەتوانم بەدلنیاییەوە ئەو مافە بەخۆم بدەم وبێژم کەمامۆستا جەمال تاکە زانای کوردە کە ڕاستەوخۆو بێ سڵەمینەوە وراستگۆیانە بەوەلام دێ وپشت بەبەلگەو سەرچاوەی زانستانە دەبەستێ و بەرگری لەماف و خواستی نەتەوەکەی دەکات . ئەوجا بێگومان کەسێک کە خودی ئەم سیفەتە بەرزانە بێت ، هەلبەتە لای کوری رۆژ و کەلاکەوتە و بێ ویژدان و بازرگان و داگیرکەر بەچاوێکی دی تەماشا دەکرێ و باوی نییە . سالەهای سالە داگیر کەرانی کوردوستان وتاقم ودەستەی سەر بەچینی هوردەبۆرژوای کورد و کۆمۆنیستەکان و کوردە کۆسمۆپۆلیتیستەکان و ئەو مامۆستا بۆرژوا فشوفالانەی ئەوروپاش وەک هاوبیر کوردێ گوتەنی کەلە قەرسیلی دۆلاری سەوزدا خنکاون دوژمنایەتی دەکەن و بوختانی بۆ دەهۆننەوە . زۆر دوور نەرۆین هەندێک لەسەرانی کورد کەلای خۆیان سەرەوکاری بزووتنەوەیەکی چەکدارانە لە کوردرستاندا دەکەن ئەندامەکانیان بەوە پە روە ردە دەکەن کەجەمال نەبەز «مرۆڤێکی دژ بە پیشکەوتن خوازی وبیری زانستانە یە».

بەلام ژمارەیەک لەو کەسانەی کەکاتی خۆی لەدوورەوە مامۆستا جەمالیان بەوشێوەیە پێناساندبوون ، ئەورۆ لەرێی خوێندنەوەی بەرهەمەکانییەوە گەیشتوونەتە ئەوبیروڕایەی کەهێرشێکی نارەوا دووژمنایەتییەکی کوێرانەی بەرامبەر دەکرێت .

ئەوجا دەبێت بۆ مێژوو ئەوەش بێژین گەر مامۆستا نەبەز جگەر گۆشەی هەرمیللەتێکی دی بایە حال وژیانی بەم چەشنە نەدەبوو . دلنیام ئەوانەی کەدووژمنایەتی دەکەن ئەوراستییە باش دەزانن ، کەسێکیش کە مامۆستا جەمال بناسێت دووبارە ئەو راستییە دەزانێ کەهەموو ژیانی بەلێکۆلینەوەو خزمەت کردنی زانست و لەسەر کردنەوەی کورد بردۆتە سەر ، وبەکرێکاری رقاپ شتن و تەرجوومانی و دەردەسەری ، و ... هتد خۆی

بەڕێوە بردووە وتانەوڕۆش خودی ماڵ ومنداڵی خۆی نی‌یە . خۆگەر لەبریتی خزمەت کردنی نەتەوەکەی شتی دیکەی بویستبایە ، ئەوا لەدۆخێکی دیکەدا دەبوو کە ئەوانەی دوێنێ و ئەوڕۆ هێرشی ناڕەوای دەکەنە سەر ئەو دەمە دەستیان بەسنگەوە بۆ دەگرت ولەپێشیدا بەچۆک‌دا دەهاتن .

## بەکارهێنانی سەرچاوەی دەزگە جاسوسی‌یەکانی عێراق:

ئالێرەدا د.جەمشید و هاوڕێیانی بێ هیچ بیرکردنەوەو سنووربۆ دانانێک تۆمەتێکی گشتگرانەی ناشیرینانە دەخەنە پاڵ لێکۆڵینەوەکەی مامۆستا جەمال . کەئەمەش لەئەنجامی مایە پووچی ودەست بەتاڵی‌یانەوە دەردەکەوێت .

گەر مرۆڤ بەووردی سەرنج لەو ووتارە بدات ، ئەوەی بۆ ئاشکرا دەبێت کەلەهەندێک شوێندا ڕەپ وراست ئیملا بە د.جەمشید کراوە .پاشان ئەمە جاری یەکەم نی‌یە کەئەم «هاوڕێ»یانە دەم لەو قەوانەوە دەژەنن تا لە مەسەلە سەرەکی‌یەکە هەڵبێن ، ئەمە ئەوەمان بۆ دە سەلمێنێ کە لە وەڵامدانەوەدا وەک هەمیشە هیچیان پێ‌نی‌یە ، بۆیە بەشوێن هەرزانترین ووشەی نێو بازێڕانەدا دەگەڕێن تا بەوە خرووشکی خۆیانی پێ دامرکێنن .
هەروەها ئە ز پێم وایە کەهەر کەسێکی دیکە جگە لە د.جەمشید و ئەوانەی لەگەڵیشیدان دە شیا لەم ڕووەوە دووژمنایەتی‌یان بکردبایە ، چونکە گە وجێتی یە کەسانێک خۆیان مالیان لەشووشە بێت بەردەفڕکێی ماڵانی دی‌بکەن .

ئەوجا لێرەدا پرسیارێک دەکەم : ئایا چی‌ترو شانازی تر نەبوو بۆ د.جەمشید ، لە بریتی ئەوەی خۆی بە وەڵامدانەوەی‌مامۆستا جەمالەوە ماندوو بکات ، ووتارێکی لەسەر سۆڤێت ودە ستە خوشکە کانی بنووسیبایە، وهۆی ئە وێندە نگی و خۆشاردنە وە یە ی بەرەی ڕزگارکەرو قەلای لیقەوماوانی بەرامبەر بە دڕندەترین کارەساتی ئەم سەردەمەی کوردوستان

بکۆڵیبایەتەوە ؟ کە پێم وایە بەوکارە دەیتوانی خزمەتێکی گەورە بەبیرو باوەڕەکەی خۆی ونەتەوەی کورد بکات . بەڵام دیارە بەوجۆرە کارکردنە تێک‌دەچێت .

بەڵێ ، ئەوەتا ڕۆژ بەڕۆژ دەتان بینین کەچۆن جۆش وخرۆشتان تاوی سەندووەو بەهیچ دانامرکێنەوە تابەرەی کۆمۆنیزم بەدەنگ نەیەت و پسپۆرەکانیان لە کارگە کیمیایی‌یەکاندا نەکشێننەوە ورژێمی سەدامیش نەدرێتە دادگای نێو نەتەوەیی !!!

بەڵێ ، ئەو هەواڵانە هەر لەرۆژنامە وبلاوکراوەکانی ئێوەدا دەخوێنینەوە کە فڕۆکەکانی بەرەی کۆمۆنیزم پەیتا پەیتا بریندارانی ولێقەوماوانی هەڵەبجە وبادینان دەبەنە لای خۆیان بۆ چارەسەرکردن و حەوانەوەیان !!!

ڕاستی‌یەکەی پێم وابوو لەبریتی ئەوەی د.جەمشید ئەو ووتارە بنووسێت و خۆی و خەڵکیشی پێوە ماندوو بکات ، دەچوو خۆی وهاوڕێیانی سوپاسی مامۆستا جەماڵیان دەکرد ، وچاکەیان دەدایەوە . چونکە ئەمە تاکە بەرهەمە کەتا ئەوڕۆ بەوشێوە بێ لایەنە زانستانەیە لەمەڕ (پ.ک.ع) کۆڵرابێتەوە . ئەمە جگە لەوەی کەدووژمارە "لەگۆڤاری یەکێتی ی تێکۆشین"ی بۆ زیندوو کردوونەوە کەلەهیچ جێگەیەکی دیکە بەدەست ناکەون .

یەکێک لەو بۆچوونە سەرسووڕهێنەرانەی د.جەمشید ئەوەیە کەداوای نووسینی زانستانە لەمامۆستا جەماڵ دەکات ، ولەم بارەوە ڕێنوێنی دەکات کەکتێبی زانستانە بخوێنێتەوە ، بەتایبەتی لەبواری مێژوودا !!!

پێ دەچێت کە د.جەمشید هێندەی کتێبی مێژوو خوێندبێتەوە و تێدا قاڵ بووبێت کەیەک بەیەکیان بناسێت ، کامیان زانستانەن و کامیشیان بێ‌کەڵک و نازانستانەن . جگە لەوە هەر بەڕاستی پێی وایە کەکتێبخانەکەی خۆی «زانستانەو تازەبابەت و پڕبایەخ»ە وئەوی مامۆستا جەمالیش «کتێبی بێ‌بایەخی رزیوی تۆز لێ‌نیشتووی کۆنخوازانەن»!!!

بالۆره لێدان نائەمەیە . چونکە د.جەمشید بۆبەدەستەوەدانی بەرهەمێکی زانستانە کەلەمەڕ پارتی کۆمۆنیست بکرێت ، دەیەوێ سەرچاوەکانی هەمان ئەو پارتەو چەپرەوەکان (مەبەستی هەرکۆپی ئەوانە) بەکاربێنێن !!! راستی‌یەکەی ئەمە بیروبۆچونێکی ساکارانەی خۆتانە . لەگەڵ ئەوەشدا ئێوە دژو دژشاو تێکەڵ یەکدی دەکەن وروونیشتان نەکردۆتەوە مەبەستتان لەبەکارهێنانی چاپەمەنی کام پارتی کۆمۆنیستە؟ گەر مەبەستتان لەو دەستەیە بێت کەئێوە خۆتان کردۆتە قەڵای لەسەرکەرەوە ، وئەوڕۆ لەکەرتەکانی دیکە بەراستتری دەزانن ، ئەوا مامۆستا جەمال بەگشتی

ولەگەلێک شوێندا چاپەمەنی کۆمۆنیستەکانی عێراق وچە پرەوەکانی ئەوی‌ی بەکارهێناوە ، خۆ گەر مەبەستیشتان ئەوە بێت (کەهەرواشە) مامۆستا جەمال ببێتە لەسەرکەرەوەی ئەم دەستەیەی کەئێوە پشتگیری لێ دەکەن ، ولەهەمان کاتدا هێرش بەرێتە سەر ئەوانی دیکە کە ناحەزتانن ، ئەوا ئەمەیان دەبێتە ئەو شێواندنەی کەئێوە بەلوتفەوە نێوتان هێناوە . چونکە دیارە گەر مامۆستا جەمال ئەمە بکات ئەو دەمە کارەکەی "دووجار زانستانە" دەبێت وپڕ بەدڵی ئێوەش دەبێت .

جالەبەر ئەوەی کەمامۆستا جەمال خاترو خۆتری ئێوەو ئەوانی دیکەش تێ ناخوێنێتەوە ، وکاری بەوەوە نی‌یە کەکامەتان راستترن ، بۆیە ئەو لەروانگەیەکی گشتی‌یەوە بۆمەسەلەی کوردو کۆمۆنیزم دەچێت وگشت پارچەکانتانی لاوەک یەکە .

پاشان گەر ئێوە خۆتان چەواشە نەکەن ، لەوراستی‌یە باش دەگەن گەر نووسەرێک لەبزووتنەوەی پارتێکی سیاسی بکۆڵێتەوە ، ئەوا هیچ کاتێک کارێکی زانستانە بەئەنجام نادات گەر سەرچاوەی بەکارهێنانی نووسینەکەی تەنێ یەک لایەنانە بێت . بۆ وێنە بڵاوکراوەکانی ئێوە راستو رەپ لەو جۆرە نووسینانەن . جگە لەوە د.جەمشید وەک پێ دەچێ بەتەنێ مافی رەخنە و هەڵسەنگاندن بەخۆی دەبینێ (دەست نووسی د.جە مشید

دەربارەی پ.ک.ع لای من هەیە) .

ئەوجا گەر د.جەمشید مەبەستیشی لەبەکارهێنانی سەرچاوە بیانی‌یە پێشکەوتنخوازەکان ئەو کتێبانەی وولاٌتانی کۆمۆنیزم بێت ، ئەوا ئەمانەش جیاوازی‌یەکی ئەوتۆیان لەگەڵ چاپەمەنی کۆمۆنیستەکانی وولاٌتانی سێ‌یەمدا نی‌یە ، چونکە چاپەمەنی ی کۆمۆنیستەکانی لای خۆمان رەنگ دانەوەیەکی کتومتی سیاسەتی وولاٌتە کۆمۆنیستەکانەو بەدەق نەشکاوی لەسەری بەڕێوە دەچن . بێگومان چاپە مە نی وبلاٌوکراوەکانی وولاٌتانی کۆمۆنیزم لەچوارچێوەی سیاسەتی حکومەتەکانیان دەرناچێت .

شایانی باسە لەماوەی سەرهەلٌدانی پێرێسترۆیکەوە لەگەلێک رووەو گۆڕانکاری لە نێوەوەی سۆڤیێت دەستی پێ‌کردووە ، کەیەک لەوانە گۆڕینی زۆربەی هەرەزۆری کتێبە مێژوویی‌یەکانە ، ولەم رووەشەوە قوتابخانە سەرەتایی‌یەکان جێ‌ی‌یەکەم لەو بڕیاردانەدا دەگرنەوە ، جابڕوا ناکەم کە د.جەمشید ئاگای لە پێرێسترۆیکە نەبێت !!!

جا ئەوەی کە د.جەمشید وهاوڕێ‌یانی پێ‌ی دەبێژن کتێب و سەرچاوەی زانستانە؛ تەنێ دەربڕینی زاراوەیەکە کە بەنارەوا دەیانەوێ بۆ گەیشتنە مەرامی خۆیان دووژمنایەتی چاپەمەنی‌یەکانی بیری نە تە وە یی ی کوردی پێ بکەن . خۆ ئەگەنا وەک جەنابتان دەبێژن کەمامۆستا جەماڵ «ئەمانەتی عیلمی راچاونەکردووە» !!! لەبەر بەکارنە هێنانی سەرچاوەی زانستی . ئەی خۆ دەبوو پرسیارێکیش لەرێداکتۆری «سەردەمی نوێ»ی هاوپیالە ت بکەی کەبۆچی بێ بەلٌگە وسەنەدی زیندوو شت بلاٌو دەکاتەوە ، و«ئەمانەتی عیلمی راچاوناکات. (بڕوانە : کۆماری دیمۆکراتی کوردستان یان خودموختاری . کەریمی حیسامی ١٩٨٦ل٥٩) . جگە لەوە خراپ نی‌یە گەر بە هەمان شێوە بۆ خوێنەرانی کوردی بنووسیت ئەوئیگلتونەی کە لە سمیناری سالٌی ١٩٨٦دا کەلەمەر کۆماری مەهاباد کراو خۆت هێرشت بردە سەری وبە بلاٌوکراوەیەکی ئیمپریالیستانەت لەقەلٌەمدا بۆچی دەبێت

ئەوبەکاری ببنێت و هەرخۆشت نامەیەک بۆ گۆڤاری پەیڤ بنووسێت و پەسنی ئەونامیلکەیە بکەیت و بەکارێکی زانستانەی دابنێیت !!! هەرلەهەمان سیمناری ئەوساڵەدا بۆ هێرش بردنە سەر کتێبەکەی مامۆستا جەمال «گۆڤاری نیشتمان» پەنات بردبووە بەر کتێبەکەی د.ئەورەحمانی قاسملۆو ئەورۆش دژایەتی دەکەی !!! جا توخوا هەڵوێستی زانستانەو«ئەمانە تی عیلمی» دەبێ وابێت !!!

ئەوجا من پێم وایە یەکێک بۆی هەیە بەمامۆستا جەمال بێژێ کەزانستانە بنووسێت ، کاتێک خۆی زانا بێت وزانستانە بنووسێت . چونکە گەر جەنابتان خۆتان لەگەڵ مامۆستا جەمالدا بەراوورد بکەن ، ئەوا تائەورۆش یەک ووتاری زانستانەتان نی‌یە ، ئەمە چ جایەکی ئەوەی کەفریشتان بەسەر مێژووەوە نی‌یە . بەڵێ! کەمێک ڕێی تێ دەچوو گەر کەڵە مێژووزانێکی کورد ڕەخنەی لە مامۆستا جەمال بگرتایە نەک جەنابتان.

ئەوجا د.جەمشید پی‌ی وایە کەئەو ١١٤ سەرچاوەیەی مامۆستا جەمال بەکاری هێناون بەڵگەی دەزگە جاسوسی‌یەکانی سەر بەعێراقن!!! نازانین د.جەمشید مەبەستی لەهەندێک لەو سەرچاوانەی کەبەکارهاتوون ئەوانەی ئەندامانی کۆمیتەی نێوەندی (پ.ک.ع) ودەستەکانی دیکەیە کەئەمانیش هەرخۆیان بە (پ.ک.ع) دەزانن ، ورەوایەتی دەدەنە خۆیان، یاخود ئەو چاپەمەنی‌یانەیە کەلە عێراق بڵاوەکرێنەوە ؟ گەر مەبەستی لەیەکەمیان بێت ، ئەوا وەک لەمەوبەریش باسی لێ‌کرا مامۆستا جەمال کۆمۆنیستەکان بەهەموو کەرت و بۆ چوونەکانیانەوە وەک یەک تەماشا دەکات وسەرچاوەی گشت لایەکیشیانی بەکارهێناوە . جگە لەوە ئەوکەسانەی کەتادوێنێ بوو د.جەمشید و هاوڕێیانی بەقارەمان‌و شۆڕشگێڕو پێشکەوتنخواز و موفەکیریان دادەنان ، تێمان ناگەیێنن کەئەورۆ بەو دەست‌و بردە چۆن کرانە جاسوس‌و سەربەدەزگەی ئەمنی عێراق ، کە سەمیر عەبدولکەریمی لێ دەربکەی ئەورۆ بەکرێگیراوو ئەڵقە

لەگوێیەکی بەعسی عیراقە و مامۆستا جەمالیش لەپەراوێزی ژمارە (١١) دادەستی بۆ ڕاکێشاوە ، ئێدی سەرپاکی دیکەیان لە کوردوستان وئێران وسوریان ولەگەڵ ڕژێمی سەددامدا ناکۆکن . ئەوجا کەئێوە کۆمۆنیستێکی دوێنێ دەکەنە چڵکاوخۆر و جاسووس خۆدەبێ باسی ئەوانی دیکەش (بۆوێنە موکەڕەم تاڵەبانی) بکەن کە هەموو ژیانی لەنێو جەرگەی دەزگە جاسووسی یەکانی عێراقدا بەسەر بردووە کەچی تا ئەوڕۆش بەتێکۆشەرو پیاوی چاکی لەقەڵە م دەدەن . خۆگەر مەبەست لەدووەمیشیان بێت ، ئەوا دەمەوێ بێژم کەد.جەمشید کوێرانە تفەنگی بەرەو تاریکی هەڵگرتووە ، خۆگەر وانەبێت و دوژمنایەتی کردن نەبێت بەرامبەر نووسینەکانی مامۆستا جەمال و خودی ئەو ، ئەوا دەمانەوێ د.جەمشیدو ئەو پارتەش کەبەرگری لێ دەکات پێمان رابگەیێن کە تا ئەوڕۆ چ وەڵامێکی نووسینەکانی مامۆستا مەسعوود مەحەمەدیان داوەتەوە؟ وەک ئاشکرایە کەنەک هەر فەلسەفەی مارکسی یانەی لەبنجەوە شی کردۆتەوە ، ولەکۆمۆنیزم کۆڵیوەتەوەو وەک بیرێکی کۆنخوازانە ساغی کردۆتەوە ، بەڵکو هەموو چاپەمەنی یەکانیشی لەعێراق بڵاو دەکرێنەوە .ئەوجا بەقەولی جەنابتان بێت

هەرچی یە ک ئەو دەینووسی دە بێ سەر بە دەزگەی جاسووسی ی عێراق بێت !!! بەلام ئێوە هیچ وەرامێکتان بەرامبەر هەق وراستی پێ نی یە و ئەوی لەدەستتان هاتووە بەکۆنەپەرست لەقەڵەمی دەدەن . بۆوێنە د.جەمشید هەر هێندەی دەسەلات هەیە کەبێژێ مسعود مەحەمەد «رجعیەکی زیرەکە» . چێتر وابوو کە د.جەمشید وەک "ئەدیب ونووسەرێک" ولەسەر کەرەوەی کۆمۆنیستەکان «لێکۆڵینەوە»یەکی سەبارەت بە نووسینەکانی ئەو «رە جعیە زیرەکە» دابکردبایە .

لەمەش بترازێ د.جەمشید سەرچاوەکانی کاک مەحەمەدی مەلاکەریم (کە لە بەغدا دەژی و نووسینەکانی بڵاو دەکاتەوە) بەزانستانە دەقەبڵێنێ ، و بۆ دژایەتی کردنی مامۆستا جەمال پشتیان پێ دەبەستێ ، کەخۆشی زۆر

چاک ئاگاداره هیچ بڵاوکراوەیەک نی‌یە کە لەعێراقدا کۆنترۆڵ (رقابە)ی بەسەردا تێنەپەڕێنت .

پاشان د.جەمشید تائەوڕۆش دووبرای (کاک صالح وکاک مومتاز) لەعێراق دەژین کەیەکەمیان پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلول لە ١٩٧٥ دا بووە سەرەوکاری ڕۆژنامەی «العراق» کەئەم ڕۆژنامەیە بەتەواوی زوڕناژەنیتی بۆ ڕژێمی بەعسی عێراق دەکرد . دووەمیشیان تابەر لەماوەیەکیش خودی کتێبخانەی خۆی بووە لە هەولێرو نووسینیشی لە عێراق لە چاپداوە .

ئەوجا من کەئەم چەند نموونەیە دێنمەوە هیچ کاتێک مەبەستم نی‌یە و ئەومافەشم بەخۆم نەداوە کەنووسینی زاناو ڕۆشنبیرانی کورد لەووڵات بەگومان لێکراوو نازانستانە تێبخوێنمەوە . نەخێر ، بەڵکو تەنێ بەراوورد کردنێک بوو لەگەڵ بۆچوونەکانی د.جەمشیدا کەهەندێک چاپەمەنی بەدەزگەی جاسووسی ی بەعس لەقەڵەم دەدا و هەندێکیشیان بەزانستانە!!!

ئەوجا گەر خوێنەری کورد سەرنجێکی هورد لەو سەرچاوە بەکارهاتووانەی د.جەمشید بدات ، هەست بەوە دەکات کە لە چوارچێوەی سیاسەتی (پ.ک.ع) نەترازاوە ، ویەک‌لایەنانە و لەسەرکەرەوانە هاتۆتە پێشێ و ئەوی نێوی کاری زانستانە بێت تێیدا بەدی ناکرێت . بۆ وێنە یەکێک لەوسەرچاوانەی کەپەنجەی بۆ درێژ کردووە گوایا هی خۆیەتی ، بەڵام چی‌تر وابوو کەپەنجە بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکە ڕابکێشێ نەک بۆ تەرجوومە کردنەکەی خۆی (ئەوی لە"پەیڤ"دا بڵاو کراوەتەوە تەرجوومەکردنی بەڵگەی پارتە کۆمۆنیستەکانی ووڵاتانی عارەبێن بەرامبەر بەمەسەلەی کورد) . جگە لەوە حەزمان دەکرد لەوە بگەشتینایە کە د.جەمشید بە چ جۆرێک هەق پەرستی ورەوایەتی دەداتە هەندێک لەو سەرچاوانەی کەبەکاری هێناون ، کەچی لەهەمان کاتدا گومان دەخاتە سەرچاوە بەکارهاتووەکانی مامۆستا جەمال . خۆ دەبێت د.جەمشید ئەوەش

یەک لایکاتەوە کە ئەو نووسەرانە ئەو قسانەیان لە چ کتێب و سەرچاوەیەکەوە وەرگرتووە .

جا گەر ئەوانیش هەر قسەی خۆیان بێت ، بەڵام جێی متمانەی جەنابتان بن ، ئەوا بەلای ئێمەوە جێی گومانن . لەمەش بترازێ د.جەمشید بەمەبەستی دژایەتی کردن و هێرش بردنە سەر شاکارەکەی مامۆستا جەمال دەچێت پشت بەو دەنگ‌و باسانە دەبەستێت کە بەتەلەفۆن لە برایم ئەحمەدی وەرگرتوون ، ئەمە لەکاتێکدا کە د.جەمشید ڕێزی نێوبراوی لانەبووە و بەگومانەوە تەماشای کردووە ، کەچی ئەورۆ بۆ هەڵڕشتنی رک‌و کینەی دەیکاتە بەڵگەی رەسەن و مامۆستای خۆی . بۆیە ئێمە لەم جۆرە بەڵگانە بەگومانین .

پاشان د.جەمشید پشتی بە «راپۆرتی سیاسی کۆنفرانسی ساڵی ١٩٧٦ ی سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان» بەستووە . بەڵام هەر وەک د.جەمشید خۆشی باش ئاگادارە کە پێش وپاش ئەوکۆنفرانسەش کۆمۆنیستەکانی عیراق پارتی یان بەراست رەوی کورد دادەنا (تەماشای ئەو بەیانە بکە کە لە پراگ لە ١٩٧٧/١/١٩ دا لە ژێر نێوی «ماذا یهدف الیمین الکردي من جدید» بڵاوکراوەتەوە .

هەربەو بۆنەیەوە دەمەوێ بۆ مێژوو روونکردنەوەیەک بێژم :

لەساڵی ١٩٧٤ دا رۆژنامەی پراڤدا و گۆڤاری دەنگ و باسی مۆسکۆ (أخبار موسکو) هەندێک ووتارو هێرش بردنە سەر بزووتنەوەی کوردیان بڵاودەکردەوە ، ولەسەردەمی خۆشیدا پارتی چ لە وێستگەی دەنگی کوردستان و چ بەنووسین وەڵامی دابوونەوە .

یەکێک لەونووسینانەی کە بڵاودەکرانەوە لە گۆڤاری دەنگ و باسی مۆسکۆدا ووتارێک بوو لەژێر نێوی «الجناح الیمینی في کردستان یلعب بالنار» واتە «دەستەی راسترەوەکان لە کوردوستان بە ئاگر دەلیزن». کۆپییەکی ئەو ووتارەم بۆ سەرەوکاری لقی پارتی لە ئەوروپا کاک تاریق

عەقراوی و کۆپی‌بەکیشم بۆ بیرۆی سیاسی پارتی لە کوردوستان نارد . بەلام بەرلەوە بەسالێک (١٩٧٣) کە هێشتا پێوەندی نێوان شۆڕشی کورد و سۆڤیێت هەرمابوو ، دوو ئەندامی بیرۆی سیاسی و کۆمیتەی نێوەندی پارتی کەکاک سامی عەبدول‌رەحمان و خودێ لێ خۆش بوو دارا تۆفیق بوون سەرێکیان لە مۆسکۆداو لەگەڵ رێکخراوی پارتیدا لە سۆڤیێت کۆبوونەوەیەکیان کردوو لەوێدا تۆمەتی کۆمۆنیستەکانی عێراقیان سەبارەت بە شۆڕشی کورد وپێشمەرگە کوشتن و ناسپڵەیی‌یان خستە بەردەست و رەوایەتی‌یان دایە پارتی . ئەوجا نازانین بڕوا بەکام هەڵوێستی کاک سامی بکەین ، ئەوی سالی ١٩٧٣ یاخود نووسینەکەی سالی ١٩٧٦ ی ؟

ئەوجا گەر د.جەمشید بەکارهێنانی سەرچاوەی یەک لایەنانەی پێ زانستانەیە ، ئەوا باروری دەمی لە نووسەرەکانی سۆڤێتیش بکات کە بۆچی سەرچاوەی وولاتە رۆژئاواییەیە ئیمپریالیستەکان ، ودژکومێنتی رژێمە رەگەز پەرست و دیکتاتۆرەکان (کە ئەمە لە خۆیدا بەڵگە و سەرچاوەی دەزگەی جاسووسی ی ئەو رژێمانەن) بەکاردێنن!!!

بێگومان نووسەرەکانی سۆڤێت هەروەک لەمەوبەریش باسمان لێ کرد لەگەڵ بەکارهێنانی ئەو سەرچاوە ناکۆمۆنیستانانەشدا هەر لە چوارچێوەی سیاسەتی دەوڵەتەکەیاندا لێدەکۆڵنەوە .

لەبەر ئەوە هەرکاتێک گەر د.جەمشید و هاورێیانی وورە ی ئەوەیان تێدابێت کە لەگەڵ ئەوانیشدا خۆ بەبەر پرسیار بزانن ، و هەر کاتێکیش کە نووسینێکی رەخنە گرانەیان لەسەر بڵاوکردنەوە ، ئەوەدەمە هەڵگرانی بیری نەتەوەیی رێز لەو نووسینەی دەگرن و وەک کارێکی زانستانەش حسێبی بۆ دەکەن .

لەلایەکی دیکەوە د.جەمشید بۆ ئەوەی ووتارەکەی لای خوێنەرانی کورد بە زانستانە بقەبلێنێ ، دەستی بۆ هەندێک سەرچاوەی (پ.ک.ع) درێژ کردووە ، کەگوایا ئەو پارتە و چەند ئەندامێکیان وهەندێک هەڵە

و بۆچوونی چەوتیان بەرامبەر مەسەلەی کورد هەبووە»!!!

بەزمە لە کۆیە . د.جەمشید تاوانی زلەزلەی (پ.ک.ع) بەرامبەر بەکورد بە هەندێک هەڵە نێو دەبات . بەڵام راستی‌یەکەی ئەمە خۆگێل کردنێکی رەپ و راستی د.جەمشید پێشان دەدات . چونکە گەلێک جار باسی هەڵەو تاوانەکانی (پ.ک.ع) دەکرا، خۆی بەوە دەربازدەکرد و هەڵدەهات کەئەو "نەئەندام و نە نوێنەری ئەو پارتەشە" . کەچی چونکە ئەم وتارەی هەر لە بنەڕەتدا لە سەر بنچینەیەکی پرینسیپانەوە نەهاتووە ، دەچێت ئەو لایەنانەی کەبەلای ئەوەوە لە سیاسەتی (پ.ک.ع)دا پۆزەتیڤن گوڵ بۆریان دەکات ، ولەگەڵ بۆچوونەکانی بیری نەتەوەیی‌دا بەراووردی دەکا ، ئەمە لە کاتێکدا بێ ئەوەی دەست بۆ ئەو چاپەمەنی و سەرچاوانەی دیکەی (پ.ک.ع) رابکێشێ کە هەڵوێستو بیروباوەڕیان چۆن بووەو بە چ رێ‌یەک دووژمنایەتی بزووتنەوەی کوردایەتی‌یان کردووە .

ئەوجا ئەومافی چارەنووسەی کە د.جەمشید و پ.ک.ع خۆیانی پێوە بادەدەن ، بابفەرموون پێمان بڵێن کەچۆن مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە . چونکە ئاشکرایە کەهەر کاتێک پ.ک.ع دەمی لەو مەسەلەیەوە ژەندبێت هیچ کاتێک ئەوەشیان لەیاد نەچووە کە تەواوێتی ی یەکێتی خاکی عێراق بپارێزن ، وبەکردەوەش ئەمەیان سەلماندووە . باشە ئەمە هەڵپە رستێتی و خۆدزینەوە نی‌یە لەمافی چارەنووس کەدەچن «ئۆتۆنۆمی‌یەکی راستەقینە» گرێ دەدەن بەهێنانە کایەی رژێمێکی دیمۆکراتی ، وپاراستنی قەوارەی ئەورژێمە و کۆکردنەوە و بەیەکەوە لکاندنی پرۆلیتاریای گشت میللەتەکانی عێراق لەوچوارچێوەیەدا ؟ کە خۆشتان زۆرباش دەزانن لەوولاتانی سێ‌یەمدا و زۆر بەتایبەتی لە عێراق‌ودەورپشتەکەیدا خستنە سەرکاری رژێمێکی بەو چەشنە گەلێک دژوارە . چونکە بەدەستهێنانی دیمۆکراتی نەدانان وگۆڕینی دەستوورێکە و نەدامەزراندنی کارگەو کردنەوەی چەند کۆگایە کی هاوبەشی‌یە، لە کاتێکدا ئەم مەسەلەیە پێوەندی‌یەکی راستەوخۆی

بەکولتووروو شارستانیتی وگۆڕینی پەروەردەو پێکهاتە ی دەروونی ئەوگەلانەوە هەیە ، کەئەمەش نە بە بزووتنەوەی چەکدارانە دەکرێ و نەهۆنینەوەی دروشمی ئالْ و والاْ و نە خۆراپسکاندن و گەلە کۆمەکێ کردنیش چاری دەکات .

ئەوجا د.جەمشید دەچێت ئەو «هێندێک هەلانە»ی (پ.ک.ع) بە "زرووفەوە" گرێ دەدات کەئەمەش لە خۆیدا پاکانە و ماستاو ساردکردنەوەیەکی راستەوخۆیە بۆ کۆمۆنیستەکانی عێراق ، لەو بارەشەوە چووە دەستی بۆ ئەو بەڵگانەی (پ.ک.ع) راکێشاوە کە "خۆراستکردنەوەی" هەڵوێستیان بەرامبەر مەسەلەی کورد پێشان دەدات ، بەڵام ئە م"خۆراستکردنە وە" یە تە نیێ لە سە ر کاغە ز.

ئەو سێ هەڵسەنگاندنەی (پ.ک.ع) کە د.جەمشید باسی لێ کردوون ،و بە زرووفەوە گرێی داون راست دەبێژی ، بەلاّم مەخابن بەلنگەوقوچی وبێ ئەوەی باس لەچۆنێتی ئەو زرووفانە بکات ، بۆیە بە پێویستم زانی کە چۆنێتی ئەو زرووفانە زۆر بەکورتی بۆ خوێنەری کورد روون بکەمەوە :

خۆبادانەوەی (پ.ک.ع) بەلای مەسەلەی کورددا لە کۆنفرانسی ١٩٥٦ یاندا ئەنجامی بارودۆخی ئاڵۆزاوی لەیەک داپچراوی کۆمۆنیستەکانی عێراق بوو ، کە بۆ خۆ کۆکردنەوەو یەکگرتنەوە ، ولەهەمان کاتیشدا لەبەرچاوگرتنی پرۆژەکەی بهاءالدین نوری (باسم) سەبارەت بە مەسەلەی کورد، وتێخوێندنەوەی ئەو بەژمارە زۆرەی کوردە کۆمۆنیستەکان لەلایەک و ململانێی نێوان پارتی دیمۆکراتی کوردوستان و کۆمۆنیستەکان کە هەردوولایان دەیانویست رەوایەتی نوێنەرایەتی دانیشتووانی کوردوستان بدەنە خۆیان ، وخۆرت بوونی بەرەی ناسیۆنالی کورد لەلایەکی دیکە، بۆیە بریاریاندا کەهەڵوێستی خۆیان بەبەڵگەیەکی رەسمی بەرامبەر چارەنووسی کورد ساغ بکەنەوە .

پاشان ئەو بەیاننامەیەی کە لە ئازاری ١٩٦٢دا (پ.ک.ع) بلاْوی

کردەوە (ئەم بەیاننامەیە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی خەست هەیە) هەڵبەتە هەرپێوەندی بە زرووفی کۆمۆنیستەکانەوە هەبوو . بێگومان پاش ئەوەی کە ئیدی هیچ هومێدێکیان بە "ڕۆڵەی گەل" (عەبدول کەریم قاسم) نەماو کەوتنە بەر لێشاوی دیکتاتۆریانەی ئەو (الجمهوریە الفتیە)ی کە خەڵکیان هاندەدا پشتگیری بکەن ، ودژی هەموونەوانەش وەستابوون کەرەخنەیان لێ دەگرت ئەمە لەلایەک ، ولەولاشەوە دەبوو هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر شۆڕشی کورد ڕاست بکەنەوە کە بە هاوبەشی کردن لەگەڵ سیاسەتی "ڕۆڵەی گەلدا" دژی وەستابوون . جا پاش ئەوەی کە چارەنووسی دووا ڕۆژیان تەنێ لە کوردوستاندا دەدیتەوە ، ناچار بوون زرووفێکی لەبار بۆچوونە کوردوستان و لەسەرکردنەوەی شۆڕشی کورد بێننە کایەوە .

بەستنی کۆنفرانسی (پ.ک.ع) لە ١٩٦٧دا بوو بەهۆی ئەوەی کە هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر بە کورد و شۆڕشەکەی لە بەیاننامەیەکدا کە لە شوباتی ١٩٦٨دا بڵاویان کردبووە و بخە نە سە ردە ست، بێگومان هە ڵویستی ئە مجارە یان بە رامبە ر بەمەسەلەی کورد لەزرووفێکی تایبەتی جیاوازتردا بوو کە (پ.ک.ع) بوو بە دوو کەرتی گەورەوە ، کە ئەم لەیەک داپچڕانەش گەیشتە شەڕو بەیەکدا دانی چەکدارانەی هەردوولایان . هەریەک لەو دوولایەش هەوڵی دەدا کەزێتر خۆی لە شۆڕشی کورد نیزیک بکاتەوە ، وخۆشەویست بکات . دەستەیەکیان کە بەنێوی «سەرکردایەتی نێوەندی»یە وە کەوتبوونە کارکردن هەڵوێستی خۆیان لە بڵاوکراوەیەکیاندا بەرامبەر بەمەسەلەی کورد خستبووە بەردەست کەلەوێدا باوەڕیان بەنەتەوەی کوردو مافی چارەنووسیدا هێنابوو بە یەککگرتنەوەی هەموو پارچەکانی کوردوستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیۆنالی یەکگرتوو . دەستەکەی دیکەش کەبە نێوی«کۆمیتەی نێوەندی»یەوە کاریان دەکرد جارێکی دی باوەڕیان بەمافی چارەنووسی کورد داهێنایەوە . واتە جگە لەوەی کەخۆیان لەباوەشی شۆڕشی کورددا



هەواڵنامەی کتێب

بوون ، لەهەمان کاتدا تووشی ئەو لەیەک داپچران و کەرتکەرت بوونە بوون .

دووبارە ئەو هەڵسەنگاندنەی کۆنگرەی ١٩٨٥ (پ.ک.ع) لە ئەنجامی زروفێکی تایبەتی دیکەوە هاتە مەیدان (د.جەمشید رەخنەی لەم هەڵسەنگاندنە گرتووە) کە دەبوو هەر بیانکردایە لەبەر دوو هۆ ، یەکەمیان : پێداچوونەوەیەک بەسیاسەت وهەڵوێستی ئەو چەند ساڵەیان کەلەگەڵ بەعسی یەکاندا هاوپەیمان و بەشداری حوکم بوون ، ویاری بەچارەنووسی کوردی ژێردەستە دەکرا ، ودووەمیشیان: دانانی سنوورێک بوو بۆ ئەو ناکۆکی و ململانێ و پارچەبوونەی نێو خۆیان کە سەرلەنوێ بەخەستی دەستی پێ کردبۆوە وە. بۆیە پێویست بوو کە د.جەمشید راستگۆیانە بێتە پێشێ و ئەوزرووفانە روون بکاتە وە .

ئەوجا د.جەمشید باسی ئەنجامی ووتارەکەیمان بۆ دەکات، وبۆخوێنەری روون دەکاتەوە کە چ بەرهەمێکی بەدەست هێناوە .

لێرەدا بەئاشکرا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە چۆن ویستوویەتی لاسایی مامۆستا جەمال بکاتەوە ، بەڵام زۆر ناشی یانە . جائەو بەرسیلەیەی کە د.جەمشید بە نیاز بووە بەگەییوی بیخوات بەداخەوە هەروەک خۆی بەکەسکی وتفتی وترشی ماوەتەوە . ئەوەتا هەمرو توانای خۆی لەو ئەنجامانەدا لەدووخاڵدا کۆکردۆتەوە:

١) تۆمەت خستنە پاڵ نووسینەکەی مامۆستا جەمال بەوەی کە گوایا سوودی لە سەرچاوەی «دەزگە جاسووسی یەکانی عێراق» وەرگرتووە .

٢)داواکردن لەرۆشنبیرانی کورد کە بە هەموو بەرهەمەکانی د.جەماڵدا بچنەوە ،چونکە «راستی شێواندووە» .

خۆزیا ئەو رۆشنبیرە بەختەوەرە د.جەمشید خۆی دەبوو کە پێداچوونەوەیەکی هەروەک ئەم ووتارەی ئێستەی بە هەموو بەرهەمەکانی مامۆستا جەماڵدا دەکرد لە بواری : زمان و ئەدەب و مێژوو ، و فەلسەفە

و چیرۆک وفیزیک و کیمیا و ماتماتیک و ئیرانیستینک و ئەدەبی ئە ڵمانی کوردولۆجی وئە ستێرە ناسی‌و میتۆلۆژیاو ...هتد . حەیف‌و مەخابن بۆ یە کێکی وەک د.جەمشید کە ئەو ئەرکە بەخۆی رەوانابینێ و رووی دەمی لەرۆشنبیرانی کورد کردووە بۆ بەئەنجامدانی

**کەمال عەلی**

٢ی ڕێبە ندانی ٢٦٠١ی کوردی
ستۆکهۆلم

هەواڵنامەی کتێب